**لە ئەرشیفی م. تایەر ئەحمەد حەوێزی یەوە**

# دوو نامە

**ئا: سەرنووسەر**

سلێمانی- شەوی ١٩٨٧/١٢/١٩
خاڵی زۆر بەڕێز و خۆشەویستم تایەرەفەندی

ڕۆژباش

ڕێز و خۆشەویستییەکی بێ پایانم هەیە بۆتان.. دەستەکانت ماچ ئەکەم.. هیوادارم تەمەن درێژ و لەشساغ و بێ وەی بیت.. لە خودای گەورە داواکارم هەمیشە لە چورتم و گیروگرفتی ڕۆژگار بەدوور بن.

داخم ناچێ دەمێکە نەمدیون.. زۆر بیرتان ئەکەم، بەڵام دەڵێیی چی سەرقاڵی و مەشغەڵەت لەلایەک، هەندێ گرفتی لابەلایی لەلایەکی دی بوار و دەرفەت نادەنە پیاو بپەرژێتە سەر بەسەرکردنەوەی خزم و ئاشنایان و خۆشەویستان.. هەر چۆنێ بێت وابزانم گلەییم لێ ناکەی..

نامەکەتم لە ڕۆژی ١٩٨٧/١٢/١٩ بەدەست گەیشت کۆڵێ پێیی گەشامەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم چاک نییە جار نە جارێ کەسانێ هەن قەدری ڕەنج و تەقەللامان دەزانن، ئەگینا هەر زوو پیاو سارد دەبووەوە. پێت سەیر نەبێ ئەوە دەڵێم ئەمڕۆکە ئەزمەی خوێنەریشمان هەیە کە نووسەر دەنووسێ و هەوڵ دەدا، تەنانەت کەسانێکی ئێجگار کەم نەبێ، ئەو بەرهەمە ناخوێننەوە، کەچی تەماشا دەکەی لە دەرەوەی وڵاتەوە هەندێ جار نامەمان پێ دەگات و بایەخی زیاتر بەکار و ئیشەکانمان دەدرێ، تەنانەت ئەوانەی زۆریش لێتەوە نزیکن نایخوێننەوە و ڕای خۆیانی لەمەڕ دەرنابڕن. خۆ ئەگەر قەزاوقەدەر بەسەریش کرایتەوە، ئەوە لە بەغیلی و پاشقوڵ گرتن زیاترت بەرناکەوێ..!

بەڕاستی من وا هەست دەکەم ئەوەندەی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی کتێبێ هیلاکم دەکەن، چارەکی ئەوە نووسین و دانانەکەی من هیلاک ناکەن.. لە زۆربەی جارەکانیش بە زیانی ماددی دەشکێتەوە، بەوەی باشە خۆشەویستیی ئەدەبیات ئەوەندە پتەو ڕەگوڕیشەی لە دڵمدا داکوتاوە، بە ڕەشەبای هیچ قین لە دڵێک نە سارد دەبمەوە و نە کۆڵ دەدەم و نە دەوەستم.. ئاو بووەستێ من ناوەستم، تازە من خوێندنەوە و نووسین بووە بە قەدەر و چارەنووسم، هەرچی خۆشی و شادی و کۆشک و تەلار و ڕەسیدێکی بانک و ئوتومبیلێ هەیە بەو ساتە خۆشانەی ناگۆڕمەوە کە بەهۆی نووسینەوە (مەعنا) دەدەمە ژیانی خۆم. بەڵێ شەش ساڵی ڕەبەقم لە تەمەنی گەنجایەتی خۆم بۆ شێخ نووری شێخ ساڵح تەرخان کرد و وا

ئێستاش خەریکی کارێکی وەکو ئەوەی شێخ نووری م دەربارەی (شوکری فەزڵی)(١)، بەڕاستی ئەم شاعیرە ڕۆشنبیرەش شایانی ئەوەیە هەقی خۆی بدرێتێ.. ئەم ساڵ بەشی دووەمی (شێخ نووری)یەکەم لە دەزگای ڕۆشنبیری دەردەچێ، هەروەها کتێبێکم لە ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان هەیە بەناوی (پشکۆ و خۆڵەمێش) چاوەڕوانی دەرچوونە..(٢) پرۆژەی زۆر گەورەترم هەیە ئەگەر عومر باقی بێ لەوەی شێخ نووری فراوانترن، هیوام وایە لە چاپیان بدەم، لەوەشدا چاومان لە هیچ شتێ نییە- وەک خۆت دەزانی- جگە لەوەی بە ئەرکێکی بچووکی خۆمان هەڵستین (ڕابگەین) بەرانبەر بەو میللەتە.. نازانم کەی بوو شتێکی تۆم لە گۆڤاری (بەیان) دەربارەی (کاکەمین)(٣) خوێندەوە، هیوادارم قەڵەمت هەر لە برەودابێ و بەردەوام بێت، مەرج نییە هەر بەکتێب، جار جارە بە وتاریش بێت گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەسەر بکەرەوە، بەلامەوە ئەم کارە لە وەستان و بێدەنگی باشترە.. سوور و پێداگرتن و تەحەدای تیایە.. دووبارە سوپاس بۆ بەسەرکردنەوەکەت.

لە کۆتاییدا ڕێزی زۆرم بۆ پوورە (زەینەب) و (بەدیعە)(٤) هەیە، دەستیان ماچ ئەکەم، خوا خەفەتیان نەداتێ.. ڕێز و خۆشەویستیم هەیە بۆ یەکە بەیەکەی منداڵەکان و خزمەکان.. هیوامان وایە لە ناخۆشی بەدوور بن.

خۆشەویستی و سڵاوم هەیە بۆ کاک (مستەفا)(٥) و کاک (دلاوەر)(٦) و کاک (ئەمیر)(٧) و ئەوانی تر..

(بەیان)ی خێزانم سەڵاو و ڕێزی هەیە بۆتان و دەستی پوورەکانم ماچ ئەکات.. تەوار و ژیوار دەستتان ماچ ئەکەن، بە تایبەتی (تەوار) لەو ڕۆژەوە کە ئەو دوو پوورەمی دیوە سیلەی ڕەحمی جووڵاوە و زوو زوو باسیان دەکات.. ئیتر بەخوام سپاردی و هەر بژین.

سلێمانی/ ئازاد عەبدولواحید

مسؤول المتحف الأثنوغرافي الفلكلوري في السليمانية(٨)


سلێمانی - شەوی ١٩٨٧/١٢/١٩.

خاڵی زۆر بەڕێز و خۆشەویستم تایەر فەنی

ڕۆژباش

سلێمانی/ ئازاد عبدالواحد

مسؤول المتحف الاثنوغرافي الفلكلوري

في السليمانية.

## نامەی دووەم

## ١٩٩٨/٣/٢٤

زۆر بەڕێز و خۆشەویستمان خاڵە تایەر

ڕۆژباش

زۆر بە گەرمی سڵاوت لێ دەکەم و هەواڵت دەپرسم، هیوادارم هەردەم لەشساغ و بێ وەی بیت. ڕێز و سڵاوی گەرمم بۆ پوورە (زەینەب)م و دەستەکانی ماچ ئەکەم، هیوام چاک بوونەوەیەتی، ڕێز و سڵاوی زۆرم هەیە بۆ یەکە یەکەی منداڵەکان و هەموو ئەوانەی هەواڵی ئێمە دەپرسن.

نامە ڕەنگینەکەت بە دەستم گەیشت، زۆر دڵخۆشی کردم، پێم چاکە کە دێیتە هەولێر سەردانمان بکەیت، شەوێکیش لەلامان بمێنیتەوە. بۆ مەسەلەی کتێبەکەشت بەدەستێکی ئەمین بۆمی ڕەوانە بکە، هەوڵ ئەدەم ئینشائەڵڵا بە چاپی بگەیەنم، هەرچی بەمن بکرێ دریغی ناکەم.

جارێکی تر ڕێزمان هەیە بۆ هەموو لایەک، دوعای خێرتان بۆ ئەکەم، خوا تەمەن درێژتان بکات.

(١) دوای نامەکەی د. مارف خەزنەدار کە لە ساڵی

١٩٨١دا لە جەزائیرەوە بۆی ناردووم و باسی پرۆژەکەی شوکری فەزڵی لەگەڵ کردووم، ئەوە لە نامەیەکی خۆشمدا کــە لە ١٩٨٧/١٢/١٩دا بۆ م. تایەر ئەحـــمـــەد حەویزی/م ناردووە ئاماژەم بەو پرۆژەیەی شوکری فەزڵی کردووە.

(٢) کـتـێبی (پشکۆ و خۆڵەمـێش) کـە لە سـاڵی ١٩٩٧دا وەزارەتی ڕۆشنبـــیری بۆی چاپ کـــردم لە لاپەڕەکــــانی پشـــتـــەوەی چەند دێڕێکم بەناوی (ڕوونکردنەوەیەکی پێویست) نووسیوە و تێیدا هاتووە: (حـەز دەکـەم خـوێنەرانی خـۆشـەویست لەوە ئاگـادار بکەمەوە کە دەبوو ئەم کتێبە، لە ساڵی (١٩٨٤) لە چاپ بدرێ، چونکە بۆ یەکـەم جـار ڕەزامـەندی چاپ کـردنیم لە (١٩٨٤/١٠/٧) بۆ وەرگـرت و بۆ جـاری دووەم لە (١٩٨٧/٤/١٤) و بۆ جـاری سـێـیـەم لە (١٩٩٠/٢/١٧) ڕەزامـەندیی بۆ وەرگـیـرا، بەڵام تا ئەمڕۆ هەل و دەرفەتی بۆ ڕێک نەکەوت)، وەک دیارە بۆ جاری دووەم لە (١٩٨٧/٤/١٤) ڕەزامەندی سانسۆرم بۆ وەرگـرتووە و پێـشکەشی ئەمـینداریێتی گـشـتـیی ڕۆشنبیری و لاوان-م کردووە، بەڵام لە هیچ جارێک لەو جـارانە بۆیان چاپ نەکـردم، دوایی کـە لە هۆکـارەکـەم پێچاپەوە، پێیان وتم لەبەر ئەوەی پشتگیریت لەو لاوانە کردووە کە ڕەوانشاد (مەحـموود زامدار) بە (تەڵـیعی) ناویانی دەبرد، بۆیە کـتـێبەکـەت بۆ چاپ نەکراوە، لەبەر ئەوە تا ساڵی ١٩٩٧ و دوای ڕاپەڕین کتێبەکە هەر چاپ نەکرا و بە دەستنووسی لەلام مایەوە.

(٣) کاکەمین، مەبەست لێی مەلا ئەمینی خۆشنووسە (١٨٦٤-١٩٧٤).

(٤) زەینەب و بەدیعە خوشکن و هەردووکیان پووری منن، یەکەمیان خێزانی م. تایەر ئەحمەد حەویزی بوو.

(٥) مستەفا، مەبەست مستەفا ئەحمەدە، هاوسەری پوورە بەدیعــەم بوو کـە لە دایرەی ئەمنی کـۆیە بەهۆی پێشمەرگە بوونی کوڕەکانییەوە، بە ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە پەلوپۆیان خست، کـاتێ هێنایانەوە ماڵ گـیانی سپارد.

(٦) دلاوەر، کــوڕی گــەورەی خــاڵە تایەر ئەحــمــەد حەویزییە.

(٧) ئەمیر، کوڕی گەورەی مستەفا ئەحمەدە، شاعیر و دەنگخۆش بوو، کە ئەویش کۆچی دوایی کردووە.

(٨) بۆیە بە عـەرەبی ئەو ناوونیـشـانەم نووسـیـوە، چونکە بە پۆست م. تایەر ئەحمەد حەویزی لە کۆیەوە بۆ سلێمانی نامەی بۆ دەناردم.


دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
گوڵان
گۆڤاری
ڕامان
ژمارە/
بەروار/ ٩٨/٢/٢٤
ڕاستەوخۆ ٢٨٦٥١
بەدالە ٢٥١٧٣

زۆر بەڕێزو خۆشەویستمان خاڵە تایەر
زۆر باش.
زۆر بە گەرمی سڵاوت لێ دەکەم و هەواڵت دەپرسم، هیوادارم
هەردەم لەش ساغ و بەختەوەر بیت. ڕێزو سڵاوی گەرمم بۆ
پوورە (زەینەب)م و دەستەکانی ماچ دەکەم هیوام چاک بوونەوەیەتی
ڕێزو سڵاوی زۆرم هەیە بۆ یەکە یەکەی منداڵەکان و هەموو شەوانێ
هەواڵی ئێوە دەپرسم.
[illegible]

بەڕێوەبەری نووسین
ئازاد عەبدولواحید

